خالد مەحمود کەریم

بیرکردنەوە بە ڕەنگەکان

چیرۆک و ماناکانی تابلۆ جیهانییەکان







33018

Preview sample - page 1 of 10 - Soran University Academic Digital Library

- ناوی کتێب: بیرکردنەوە بە ڕەنگەکان
- نووسەر: پ.ی. خالد مەحمود کەریم
- نەخشەسازیی بەرگ: زاری
- پیتچنین: نووسەر
- چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠٢٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخی: ٨٠٠٠ دینار
- شوێنی چاپ : سلێمانی - چاپخانەی کاڕۆ
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەرتووکخانە گشتییەکان ژمارە (١٩٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ی دراوەتێ.

ISBN - 978-9922-9953-6-6



مافی لەچاپدانەوە بۆ دانەر پارێزراوە. مافی لەبەرگرتنەوە و بەرهەمهێنانەوەی بەشێکی یان هەمووی یان کۆپی کردن و بەکارهێنانی بە هەر مەبەست و بە هەر جۆرێک بێت وەک بە ئەلکترۆنیکردن و فرۆشتنی یان پارێزکردنی بە پێی قانوون بۆ دانەر پارێزراوە.

©

Preview sample - page 2 of 10 - Soran University Academic Digital Library

بیرکردنەوە بە ڕەنگەکان

چیرۆک و ماناکانی تابلۆ جیهانییەکان

پ.ی. خالد مەحمود کەریم

٢٠٢٢

Preview sample - page 3 of 10 - Soran University Academic Digital Library

پێڕست

پێشەکی ٩
قوتابخانە هونەرییەکان ١٣
قوتابخانەی کلاسیزم ١٤
هونەری باروک ١٥
هونەری ڕۆکۆکۆ ١٦
کلاسیزمی نوێ ١٨
قوتابخانەی ڕۆمانتیکی ١٩
قوتابخانەی ڕیالیزم ٢١
قوتابخانەی ئیمپریشنیزم ٢٣
پۆست ئیمپریشنیزم ٢٥
قوتابخانەی سیمبولیزم ٢٨
قوتابخانەی فاوڤیزم ٣٠
قوتابخانەی دەربڕینخوازی ٣١
قوتابخانەی نەبستراکت ٣٣
قوتابخانەی شەشپالوویی ٣٦
قوتابخانەی سوریالیزم ٣٩
قوتابخانەی نایندەخوازیی ٤١
قوتابخانەی هایپەر ڕیالیزم ٤٣
تابلۆ هونەرییەکان ٤٧
١-تابلۆی بازاڕی ژنخواستنی بابلی ٤٨
٢-تابلۆی مردنی سوکرات ٥١
٣-تابلۆی قوتابخانەی ئەسینا ٥٥
٤-تابلۆی خێزانەکەی داریوش لە بەردەم ئەسکەندەردا ٥٨
٥-تابلۆی خۆگرتنی سکیپیۆ ٦٣
٦-تابلۆی مردنی یولیۆس قەیسەر ٦٥
٧-تابلۆی دوایین ڕۆژ لە پۆمپێ ٦٨
٨-تابلۆی لیدی گۆدیڤا ٧١
٩-تابلۆی سانت کاترین لە ئەسکەندەریە ٧٣

Preview sample - page 4 of 10 - Soran University Academic Digital Library

١٠-تابلۆی مۆنالیزا ٧٦
١١-تابلۆی نەمباسادۆرەکان ٨٠
١٢-تابلۆی کۆتا گەشتی هیتری هودسۆن ٨٢
١٣-تابلۆی ئیڤان-ی ترسناک کوڕەکەی دەکوژێ ٨٥
١٤-تابلۆی ماگبی ٨٧
١٥-تابلۆی ڕاوچییەکان لە بەفردا ٨٩
١٦-تابلۆی سەرکەوتنی مەرگ ٩١
١٧-تابلۆی چاوپێکەوتن لەسەر پەیژەی بورجەکە ٩٤
١٨-تابلۆی ئۆفیلیا ٩٧
١٩-تابلۆی چیرۆکی نەخۆشی لالە ١٠٠
٢٠- تابلۆی خانمێک بە باوەشێنەوە ١٠٣
٢١-تابلۆی خێزانێکی جوتیار لە ناوەوە ١٠٦
٢٢-تابلۆی قسەکردن لەگەڵ خواوەند ١٠٩
٢٣-تابلۆی گالیلیۆ لە بەردەم دیوانی پیرۆزدا ١١١
٢٤-تابلۆی وانەی شێتەلکاری لەگەڵ پزیشک نیکۆلاس تولپ ١١٤
٢٥-تابلۆی کچەی گواڕە مرواری ١١٦
٢٦-تابلۆی پیرەژنێک هێلکە سوورەدەکاتەوە ١١٨
٢٧-تابلۆی: پیتەر لە پیتەرهۆف لییەچینەوە لە (تساریفیچ ئەلیکسی) دەکات ١٢٠
٢٨-تابلۆی نیوتن ١٢٣
٢٩-تابلۆی وڵامی ئۆزانەکانی زاپۆرۆژیان ١٢٥
٣٠-تابلۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ١٢٨
٣١-تابلۆی کچێکی گەنج دەخوێنێتەوە ١٣٠
٣٢-تابلۆی خاتوونێک بە سەرپۆشەوە ١٣٣
٣٣-تابلۆی تاج لەسەر نانی ناپلیۆن ١٣٦
٣٤-تابلۆی ناپلیۆن لە چیاکانی ئەلپ دەپەڕێتەوە ١٣٨
٣٥-تابلۆی کشانەوەی ناپلیۆن لە ڕووسیا ١٤٠
٣٦-تابلۆی کەلەکی میدوسا ١٤٢
٣٧-تابلۆی گەڕۆکێک لەسەر دەریایەک لە تەمتومان ١٤٥
٣٨-تابلۆی شازنە ڤیکتۆریا لە ئۆزبۆرن ١٤٩
٣٩-تابلۆی گوڵەچنەکەرەکان ١٥١
٤٠-تابلۆی گەڕانەوەیەکی پێشبینی نەکراو ١٥٤
٤١-تابلۆی داکۆکی لە سیفاستۆپۆل ١٥٧
٤٢-تابلۆی نەبسینت دەخواتەوە ١٦٠

Preview sample - page 5 of 10 - Soran University Academic Digital Library

٤٣-تابلوی نیشتمان- یان گەرانەوە لە کریما ١٦٣
٤٤-تابلوی دان هەلکیشیک کلیلی دڵنەک لە نەخوشەکە دەشاریتەوە ١٦٥
٤٥-تابلوی پەتاتە خۆرەکان ١٦٨
٤٦-تابلوی شەوی نەستێرەکان ١٧٠
٤٧-تابلوی کۆتا گەشت ١٧٣
٤٨-تابلوی فەرش فرۆش ١٧٥
٤٩-تابلوی بۆهیمی ١٧٧
٥٠-تابلوی راهێنەری کێسەڵەکان ١٨٠
٥١-تابلوی هاوار ١٨٣
٥٢-تابلوی پیداگری یادەوەری ١٨٧
٥٣-تابلوی کچانی نەغەمەنی ١٩٠
٥٤-تابلوی باخچەیەک لە سانت نەدریس ١٩٢
٥٥-تابلوی تراژیدیا ١٩٤
٥٦-تابلوی گرنیکا ١٩٧
٥٧-تابلوی هیوا ٢٠٠
٥٨-تابلوی نامێریی ٢٠٢
٥٩-تابلوی عاشقەکان ٢٠٤
٦٠-تابلوی هەنگاوی یەکەم ٢٠٨
٦١-تابلوی مالی شادومان ٢١٠
٦٢-تابلوی شادومانی ٢١٢
٦٣-تابلوی کرمی کتێبەکان ٢١٤
٦٤-تابلوی داپیرە باشترینە ٢١٧
٦٥-تابلوی شاعیری هەژار ٢١٩
٦٦-تابلوی دایکی ویسلەر ٢٢١
٦٧-تابلوی هارمۆنیای سوور ٢٢٣
٦٨-تابلوی باریکەرانی کاغەز ٢٢٥
٦٩-تابلوی جەنگ ٢٢٨
٧٠-تابلوی منداڵە غەمبارەکە ٢٣١
٧١-تابلوی گەرانەوە بۆ ماڵەوە ٢٣٤
٧٢-تابلوی بەناوبانگەکان ٢٣٧

Preview sample - page 6 of 10 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

هونەر بەگشتیی و لەو تیوانەشدا هونەری نیگارکێشان، ڕۆلێکی گرنگی لە سەردەمەکانی ڕابووردوودا هەبوە، بەدرێژایی مێژوو یەکێک بوە لە شێوازە هەرە باوەکانی گوزارشتکردن. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ڕۆلێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی شارستانیی هاوچەرخدا.

ئالاین دی بۆتۆن-Alain de Botton‌ی فەیلەسوفی بەریتانی، ئەوەمان بیردێنێتەوە کە هونەر بەشێکە لە ڕەوشتی ئینسانی و کارێکی نامۆ و دوور لە واقیع نییە، سەرجەمی کارە هونەرییەکانیش بۆ ئەوە پەیدابوون تا هەلومەرج و دۆخی ئینسانیمان بۆ ڕاڤەبکەن، یارمەتیمان بدەن بە شێوەیەکی دروستتر و ژیرانەتر لە جیهان تێبگەین، هونەر یارمەتیمان ئەدات دیدگا و ئەزموونە ناوەکییەکانمان فراوانتربکەین، چاومان بە ڕووی جوانییەکانی دەوربەرماندا بکەینەوە. لای هەندێک هونەر بۆیە پەیدابووە تا ببێتە بەشێک لە ئەوازشکردن و هاوسەنگی بۆ مرۆڤ بگێڕێتەوە، هیوایەکی نوێی پێ ببەخشێت و ببێتە دەستپێک بۆ ئاسۆیەکی نوێ. (لیو تۆلستۆی)ی گەورە نوسەری ڕووسی، سەرنجمان بۆ لای ئیستاتیکای هونەریی ڕادەکێشێت و دەڵێت: بۆ دەستنیشانکردنێکی وردو دروست بۆ هونەر، پێویستە وا تەماشای نەکەین، کە ئامرازێکە بۆ چێژوەرگرتن، بەڵکو وەک مەرجێک لە مەرجەکانی ژیانی ئینسانیی ببینین. ئەم تێڕوانینە بۆ هونەر وامان لێدەکات دەرک بەوە بکەین، هونەر ئامرازێکە لە ئامرازەکانی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا.

ژیانمان پڕە لە ڕەنگە بنچینەییەکان و ئەو هێلانەی کە تابلۆ هونەرییەکان پێکدەهێنن بەهەموو جۆرەکانییەوە، هەر ڕەنگێک یان هێلێک یاخود پێکهاتەیەک لە تابلۆ هونەرییەکاندا نواندنێکی هێمایی خۆی هەیە، کە گوزارشت لە هونەرمەند دەکات یان لەو شتەی ویستی بوە بە ئێمەی بگەیەنێت. تابلۆکان بریتیین لە غەم و شادومانیی و ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی خودی هونەرمەند، بەڵام بە ڕەنگەکان دارێژراونەتەوە.

Preview sample - page 7 of 10 - Soran University Academic Digital Library

چۆن مۆسیقا بیستنمان دەدوێنێت، نیگارکێشانیش لەگەل بینینماندا قسەدەکات. دەکرێ زمانی تابلۆ هونەرییەکان ناوبنێین زمانە دیدەییەکان، کە بریتییە لە کۆمەڵێک مانا و هێما و نیشانە، کە هونەرمەندی نیگارکێش دەیەوێت لە میانەی کارەکەیەوە بگات بە بینەر. لە تابلۆدا هەر ڕەنگێک و هێڵێک مانای سیمبولیی خۆی هەیە، هەڵگری پەیامێک یان زیاد لە پەیامێکی شاراوەییە. یەکێک لە جوانییەکانی تابلۆ هونەرییەکان ئەوەیە کە هەڵگری زیاد لە مانەیەکن و گۆشەنیگای جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز لەخۆدەگرن. مەرج نییە بینەرە جیاوازەکانی تابلۆیەک بە هەمان بیرۆکە و تێگەییشتنەوە لە بینینی بینەدەردەوە، هەر بینەرێک دیدگای تایبەت بەخۆی هەیە، مەسەلەکان گرێدراوی سەرنج وردبینی و دیقەتی بینەرن، زۆر لایەنی دیکەی وەک دۆخی دەروونیی بینەر، تا دەگاتە ئەو وردەکارییانەی تایبەتن بە تابلۆکە و ئەو هونەرمەندەی کە کێشاویەتی، لەڕاستیدا زانینی وردەکارییەکانی هەموو تابلۆ هونەرییەکان کارێکی قورسە، چونکە کارە هونەرییە ناوازەکان، ڕەنگدانەوەی فیکر و قوواڵییەکانی هونەرمەندن، بە ناستێکی بەرزی ڕۆشنبیریی و تەکنیک و گوزارشتێکی نیستاتیکیی باڵاوە خراونەتەڕوو، بۆ ئەوەی بە دروستیی لێیان تێبگەین، پێویستمان بە ڕۆشنبیرییەکی هونەریی باش و تایبەتمەند هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی زۆر و ڕاهێنانی بەردەوام، باشترین ئامرازێکن بۆ ئەوەی بتوانین کۆدی کارە هونەرییەکان بشکێنین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی بایەخ بە کارە هونەرییەکان ئەدەن، زۆر جار ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و کێشەی تێگەیشتن دەبنەوە، لە تابلۆ هونەرییەکان و مانا و جۆری ئەو قوتابخانە هونەرییانەی دەچنەوە سەریان. ئەمەش بابەتی (چیرۆک و مانای تابلۆ هونەرییەکان)ی کردوەتە مەسەلەیەکی گەرم و زیندوو، ڕەخنەگر و شارەزایانی هونەر، چەندین گوتار و بڵاوکراوەی تایبەت و تەنانەت توێژینەوەشیان، بۆ تێگەیشتن لە کارە هونەرییەکان و ئەو چیرۆک و مانایانەی دەیبەخشنەوە تەرخانکردوە.

زۆرێک لە موزەخانە و گەلەرییە جیهانییەکان، لەسەر پێگەی تایبەتیی خۆیان لە ئینتەرنێت بۆ تێگەیشتن لە کارە هونەرییەکان، هەندێ ڕێنمایی و ڕوونکردنەوەی تایبەتیان داناوە. بە گوێرەی موزەخانەی نیشتمانیی هونەر (The National Gallary of Art) لە ئینگلتەرا، تێگەیشتن لە هەر کارێکی هونەریی وەک تێگەیشتنە لە کتێبێک، کە خوێنەر هەڵدەستێت بە کردنەوەی کۆدەکان بۆ تێگەیشتن لە ماناکانی. لەگەڵ ئەوەشدا وەک پیشانگەکە بڵاویکردوەتەوە، جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە لە نێوان خوێندنەوەی کتێبێک و خوێندنەوەی کارێکی هونەرییدا، ئەوەی پەکەم کاتێک دەیخوێنینەوە، لە ڕێگەی وشە و ڕستە و دەستەواژەکانییەوە دیمەنەکان خەیاڵدەکەین، بەڵام لە تابلۆدا دیمەنەکە نیگارکراوە و لە بەردەستماندایە، ئەوەی لەسەرمانە تێگەیشتنە لە ماناکانی.

Preview sample - page 8 of 10 - Soran University Academic Digital Library

ئەم کتێبەی بەردەستتان، وێڕای بەسەرکردنەوەیەکی خێرا بۆ ئەو ڕەوت و ڕێباز و قوتابخانە هونەرییانەی لە پاش بزاڤی ڕێنیسانسەوە لە ئەورووپا سەریانهەڵدا، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە چیرۆک و ماناکانی زیاد لە حەفتا تابلۆی هونەریی جیهانیی، کە لە سەردەمی جیاجیا و و لەلایەن قوتابخانە و ڕەوتی هونەریی جیاوازەوە بەرهەمهاتوون، کە بێگومان بە بێ گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوەی جیاواز لە کتێب و گوتار و توێژینەوەی هونەریی و سایتە جیاوازەکانی ئینتەرنێت، کتێبەکە بەم فۆرمەی ئێستای بە ئەنجام نەدەگەیشت.

هەڵاوێردکردنی تابلۆکان پەیوەندییان بە دیدگا و سەلیقەی هونەریی کەسیی خۆمەوە هەیە، بە گوێرەی چیرۆکەکانیش، لە کۆنەوە بۆ نوێ ڕێزبەندکراون. پێدەچێت هەندێک لە تابلۆکان زۆر بەناوبانگ نەبن، بەڵام ئەوەی لای من گرنگ بوو، ئەو ناوەڕۆکە فیکریی و پەیامە ئینسانییانە بوو کە تابلۆکان هەڵگری بوون، هەروەها ئەو ناستە هونەرییە بەرزەی پێی داڕێژراونەتەوە. هەرنەمەش ئامانجی سەرەکیی هەڵوێستەکردن بوو لەسەر چیرۆک و ماناکانیان، تا سەرنجی خوێنەرانی ئازیز ڕابکێشم، بۆ گرنگیی و کاریگەریی هونەری نیگارکێشان و ئەو پەیام و ناوەڕۆکە فیکریی و ئینسانییەی کە دەشێت هەڵگری بێت.

بێگومان بۆ کەسێک کە لە دەرەوەی بواری هونەری کاردەکات، کارێکی لەم جۆرە بێ خەوش و کەموکوڕی نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم ئەم بەرهەمە بچووکە کەلێنێکی بواری هونەریی پڕبکاتەوە، خوێنەرانی ئازیزیش بە هەندێک لە تابلۆ جیهانییەکان و ئەو چیرۆک و مانایانەی دراونەتە پاڵیان ئاشنابکات.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی تایبەتیی ئاراستەی هەر یەک لە مامۆستا سەردار نۆڕی و کۆسار عومەر بکەم، کە بە سوپاسەوە ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی ئەم کتێبەیان لە ئەستۆگرت، هیوای سەرکەوتن و سەلامەتییان بۆ دەخوازم.

Preview sample - page 9 of 10 - Soran University Academic Digital Library

ئەم کتێبەی بەردەستتان وێڕای بەسەرکردنەوەیەکی خێرا بۆ ئەو ڕەوت و قوتابخانە هونەرییانەی لە پاش بزاڤی ڕێنیسانسەوە لە ئەوروپا سەریانهەڵدا، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە چیرۆك و ماناکانی زیاد لە حەفتا تابلۆی هونەریی جیهانیی، کە لە سەردەمی جیاجیا و و لەلایەن قوتابخانە و ڕەوتی هونەریی جیاوازەوە بەرهەمهاتوون، کە بێگومان بە بێ گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوەی جیاواز لە کتێب و گوتار و توێژینەوەی هونەریی و سایتە جیاوازەکانی ئینتەرنێت، کتێبەکە بەم فۆرمەی ئێستای بە ئەنجام نەدەگەیشت.



Preview sample - page 10 of 10 - Soran University Academic Digital Library